# ئەوە زەلالەتەی لە 31ی ئاب من بینیم ,
# هیچ جەلالییەك تامی نەچەشت

**عەلی مەحموود محەمەد**

زۆر ناخۆشە مرۆڤ بەسەروبالّ کارەکانی خۆیدا هەڵبدات , یاخود لە درزێکەوە ماف مرۆڤێکی دی بخوات لە نووسینەوەی یاداشتەکان .

پێش کارەساتی 31ی ئاب , سێ هەڵوێست لەسەر سێ ڕوداو منیان کردە ناشرینترین بوونەوەر لای هەڤاڵانی ینك لە شاری هەولێر , سەرباری بوونی بەرنامەی ڕادیۆیی هەیاسە لە کوردستان چ باسە کە زۆر لێی بە داخ و پەست بوون , ئەو بەرنامەیە نەك لە ئاستی هەموو پارێزگای هەولێر بگرە لەسەر ئاستی هەموو کوردستان باشترین و جەماوەریترین بەرنامەی ڕادیۆیی بوو لەوکات و ساتە , کە پانتایی ئازادیەکان زۆر لە خوار ئاستی ئێستاوە بوو , کە کاتی پەخشی ئەو بەرنامەیە دەهات سەرجەم ڕادیۆکان دیکە ستۆپیان دەکرد و بێگوێگر دەمانەوە , دەتوانم بڵێم ئازاترین بەرنامەش بوو بە ئێستاشەوە لە کوردستان , ڕۆژانە هەزاران نامەی لە سەدان پەیامنێری تایبەتییەوە بۆ دەهات , تەواوی پێشێلکارییەکانی باس دەکرد , مام ڕەنجەڕۆی بەسزمانیش ئامادەکاری بەرنامە , کە خۆم بووم لە برسان و لە ترسان گۆشت بە جەستەمەوە نەبوو , هەمیشە هەفتەی چەند ڕۆژ لە دەسەڵات قاچاغ و لە خۆشاردنەوەدا بووم , لە چڵکنیا بەهۆی کارە بەردەوامەکانمەوە , کە ڕۆژانە جگە لە کاری جەماوەری 3 کاری دیکەشم دەکرد , هەموو کات مێش بەبان سەرمەوە لە چڵکنیدا گەردەلولەی دەکرد, بێ ئەوەی خەڵکی هەولێر بمناسن بووبوومە ئەستێرەیەکی ناسراوی ناو ژنان و کچان و گەنجانی شاری هەولێر بە تایبەتیش دەوروبەرەکەی , بەسایەی ئەو بەرنامەیەوە ژن تەڵاق درا , کێشە کەوتە ناو دەرودراسێکانەوە , کوڕ و باوكماڵیان جیاکردەوە , پاوانخورا , ئاگر لە ماڵان بەربوو , بەرخەل مێگەلە مەڕی مژی , بەینی حیزبەکان گرژی تێکەوت , گەنجی عاشق سەری خۆی هەڵگرت , ماتۆڕی ئاوو سوتا , ترۆمپای ئاو جام بوو .... , ئەو بەرنامەیە تەنها ئەوەندە خێرەی بۆمن تێدا بوو کە فەردە نامەکانمان لە ماڵەوە دەکردە تەنورەوە بۆ نانکردن و چێشت لێنان , دەرودراوسێش پێی حەسانەوە , دەیان جار لەسەری هەڕەشەم لێکرا , تەنانەت هەڕەشە لە ڕادیۆشکرا , بگرە لە سوبحی ڕۆژی 31ی ئاب , هێشتا بە تەواوەتی هێرشبەران نەگەیشتبوونە ناو شار , لە کەڵەکی یاسین ئاغاوە چەند چەکدارێك بەدوای مام ڕەنجەڕۆدا خۆیانکرد بە بارەگای ڕادیۆدا .

با زۆر لانەدەم و بێینە سەر ئەو سێ ڕوداوەی منیان لای ینك ناشرینکردبوو ئەوانەش بریتی بوون لە :

سازدانی ڤیستیڤاڵی دووی ئەنفالەکان لە هەولێر و شەقڵاوە , تێکدانی ڤیستیڤاڵی هەولێر لە لایەن بەڕێز جەبار فەرمانەوە , ئەویش بەوەی هۆڵی ڤیستیڤاڵەکەی لێمان سەندەوە , جارێك شوێنی پیشانگاکەی بەخشی بە سەوڵەی بەدر , جاری دووەم هەموو بەخشرا بە کۆمەڵەی ڕۆژ , بە ناچاری ئێمە لە 10-4-1996 بە بەیانێکی فەرمی کۆتایمان بە ڤیستیڤاڵەکەمان هێناو ئیدانەی ینك مان کرد , شەو تەلەفزیۆنی پارتی بە گرنگییەوە باسیان لە تێکدانی ڤیستیڤاڵەکە کرد , ئەو ڤیستیڤاڵە گەورەترین نمایش بوو بۆ کارەساتی ئەنفال تاکو ئەوکاتە , هەمووکات هەوڵە یەکەمەکان گرنگییان هەر دەمێنێت , سەدان لافیتە ئەو ناوەیان ڕەشکردبوەوە . لافیتەکانی سەوڵەی بەدر یەکەم ڕۆژ بۆ شەوەکەی گەنجانی هەولێر هەموویان پیسکرد , بێئەوەی ئاگام لێبێت بە ملی منیاندا هێنایان , ڕۆژی 12-4 کاتێك لە گومرگ خەریکی کاری خۆم بووم , نەقیب خۆشەوی خۆی کرد بە گومرگا بۆ گرتنم , وەلێ بە ڕێکەوت بەرنەکەوتم , تێکدانی ڤیستیاڵی دووەمی ئەنفالەکان لەناو خەڵك و ڕۆشنبیران شەپۆڵێك نارەزایەتی لێکەوتەوە , ئاخر پارتەکان تاکو ئەو ڕۆژانە ئەوەی بیریان لێنەکردبوەوە دیاریکردنی ڕۆژێك بوو بۆ ئەنفال و یادکردنەوەی ئەو کارەساتانە بوو , لەو هەموو سەروەت و سامان و داهاتی دەیان گومرگەی کوردستان , بۆ ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان ناچاربووم تەلەفزیۆنی ماڵەوە بفرۆشم , برادەرەکانیشم بە پارەی گیرفان و ڕەنجی شانیان هاتنە پێشەوە , وەکو پۆلە هەنگ کاریان کرد بۆ بەمێژوو کردنی ئەو ڕۆژە , لەسەر هەمان یادکردنەوە لەبری

دیستخۆشیلێکردن دواتر هەڕەشەی گرتن و لێدانم لێکرا , بگرە کە چووین بۆ شەقلاوە لەوێ بەبەرچاوی چەندین سەرکردەی پارتییەوە لیستی ئەنفالچییەکانمان بلاو کردەوە " ڕزگار مام بۆرە , سەرهەد تۆفیق , هیوا ناسیح , قادر نادر" ,, وەك دەبینین دوای 12 ساڵ ئەوسا دەسەڵاتی کوردی هەمان ڕۆژی بە فەرمی بە ڕۆژی ئەنفال ناساند , ئەوەی شایانی ئاماژەیە لە 14-4 ی هەمان ساڵ کۆمەڵەی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی کەرکووك ڤیستیڤاڵی ئەلتەرناتیفیان ئەنجامدا بۆ ئەنفال , وەلێ لە باری چەندایەتی و چلۆنایەتی نەگەیشت بە ڤیستیڤاڵە سەرکەوتووە هەژارانەکەی ئێمە , کە سەد یەکی ئەوەی ئەوانیشی تێ نەچووبوو , وەلێ حەماسەت و دڵسۆزی لە گەڵدا بوو .

ڕوداوی دووەم کاتێك برسێتی تەنگی بە خەڵکی هەژاری دارەتوو هەڵچنی , کۆمەڵێك لە گەنجانی ئۆردوگاکە پەیوەندییان پێمەوە کرد , وتیان چی بکەین باشە , بڕیارمان دا خۆپیشاندان ساز بکەین , ئیجازەی خۆپیشاندانەکەم لە ئاسایش لەسەر ناوی ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکان وەرگرت , بەناوی ئەوەی خەڵك نان نییە بخۆن , پارتیش گەنم بە ڕژێم دەفرۆشێت , وتمان دەچینە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ڕاگرتنی فرۆشتنی گەنمیان لێدەکەین , بەمهۆیەوە ئیجازەکەمان زوو وەرگرت .

ڕۆژی خۆپیشاندانەکە 8-5-1996 , بە پەلە لەسەر کارەوە خۆم گەیاندەوە دارەتوو , خەڵکەکە چاوەڕوانی گەڕانەوەی منیان دەکرد , کوڕە پلکم (پور –میمك) (زانا) بەرپرسی کۆمیتەی ینك بوو لە دارەتوو , وتی سەید ئەو خۆپیشاندانە نەکەن باشترە , وتم ئەمە سیاسەتە وازی لێبهێنە , دەمزانی بە زیانی ئەو تەواو دەبێت وەك سیاسەت " چونکە بەرپرسی کۆمیتەی ئۆردوگاکە بوو " وەلێ بیروباوەڕ شتێکەو خزمایەتیش شتێکی دیکەیە , خەڵکەکەمان کۆکردەوە کە زیاتر لە 1000 کەس دەبوون , سەرجادەیان گرتبوو , ڕێ بە ڕێداری نادا , بە پێ کەوتینە ڕێ بەرەو هەولێر , بازگەکەی دارەتوو , جادەی هەولێر کەرکووك لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە کۆنترۆڵکرا , منیش لەگەڵ برادەران لە پێشەوە , جارجارەش جامی ڕیمێکی قوشتەپەیان دەهێنایە خوارەوە کە دەیانوویست مل بە خەڵکەکەوە بنێن " جام شکاندنەکە کارێکی خراپ بوو " , لە بەردەم ئۆتێلی چوارچرا هەردوو تەلەفزیۆنی شوعی و زەحمەتکێشان هاتن بە پیریمانەوە , تاکو گەیشتینە بەردەم پارێزگا خەڵکێکی زیاتر لێمان کۆبونەوە , لەوانە کاك دڵشاد خدر و مامۆستا فەرهاد و کاك کاوە نادر و کۆمەڵێك لە برادەرانی شیوعی ... , لەبەردەم پارێزگا وتاری خۆپیشاندانەکەم بۆ ئامادەبووان و ڕاگەیاندنەکان خوێندەوە , کاك فەخرەدین گەرمیانیش وەك نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان گەیشتە ئەوێندەرێ , بە جووتە قسەمان بۆ خەڵکەکە کرد , بڕیاری دا بە زووترین کات خۆراك بگەیەنێت بە خەڵکی دارەتوو , ڕێك دوای چوار ڕۆژ لۆرییە خۆراکەکان بەکاروان گەیشتنە ئۆردوگا .

پاشان وەفدی خۆپیشاندەران چوونە لای پارێزگا , نوێنەران 10 کەس بوون هەموو من دیاریمکردن , چەند خاڵێکمان داواکرد لەوانە :

- گۆڕینی ئەنجومەنەکانی هەموو ئۆردوگاکانی دەوروبەری هەولێر .
- کەمکردنەوەی نرخی هاتوچۆ 100٪.
- ئامارکردنەوەی بایەعی و بڕینی بەشە ئەرزاقی دەوڵەمەندەکان .

ئەنجومەنەکان و حیزبییەکان و برادەرێکی کۆمۆنیستی کرێکاری هاتنە پێشەوە داوایانکرد ببنە نوێنەر خۆپیشاندەران , هەموویانم ڕەتکردەوە , برادەرێك باوکی لەوێ بوو , کوڕەکە وتی دێمە ژورەوە وەك نوێنەر , باوکیم بانگکرد وتم مام کاکە ڕ من نوێنەرتم یان کوڕەکەت , وتی تۆ چاوی هەموومانی .

لە ژورەوە پارێزگار زۆر دەترسا , زارەترووك ببوو لە جەماوەری بەردەم پارێزگا , چونکە هەر پەرەگرتنێکی ناڕەزایەتی کارەساتی لێدەکەوتەوە بۆ پارتی دەسەڵاتدار لە شار , ناڕەزایەتی دەربڕین وەك ئاگر بەربوون بوو لە پەرێز , زۆر بە شەفافی و ئازایانە قسەمان کرد , پەیامنێری ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە , کاك فایەق لەو کاتە لەوێ بوو کە بەرەو ڕوی پۆلیسەکانی بەردەم پارێزگا بومەوە وتی : ئێستا زۆر خۆشتم ویست , هەرچەندە بیروباوەڕەکەتم قەت قەبوڵ نییە .

دوای تەواو بوونی خۆپیشاندانەکە , لە کاتی گەڕانەوە گەیشتینە ڕاست دوکانی زێڕنگەرەکان , دوو گەنج هاتنە تەنیشتمەوە , وتیان مام سەید ئەم دەوڵەمەندانەش بەشی ئێمەیان لایە , لەوکاتە زۆر ترسام , بچوکترین هەنگاویان بنایە , لە هەموو هەولێر کار لە کار دەترازاو دەتەقایەوە , بە درۆ وتم پەلە کەن ئاسایشەکان وا لە پشتمانەوەن .

ڕۆژی دواتر لە گۆڕینی ئەنجومەنەکانەوە دەستمان پێکرد , کۆمیتە دەیانەویست کەسی خۆیان دابنێن , من ڕەتم کردەوە , مامۆستا ڕۆکان ئەندامی کۆمیتەی خۆرهەڵات بوو , هات بۆ نەخۆشخانەی کۆماری بۆ ترساندنم لەو کاتە لەوێ نەبووم , وتبووی دەچم ئاقڵی دەکەم چۆن ڕازی نابێت نوێنەری ئێمە ببێتە ئەنجومەن , منیش بەبێ ئەوەی توانای خۆم بزانم , زۆر بەرز لێم دەخوڕی , لە بەڕەکەی ژێرم زیاتر پێ درێژ دەکرد , چونکە هەستم دەکرد بەهۆی هاتنی ئەرزاقەوە بۆ خەڵکەکە هەموو خەڵك پشتیوانیان لێمدەکرد , ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەکان ئاڵۆزتر دەبوون خەریك بوو لە کۆنترۆڵ دەربچێت , بۆیە وردە وردە پاشەکشەم کرد , ئەوانیش سواری ملی داواکارییەکان بون و لەباریان برد .

لە لایەکی دیکەوە یەکێك لە داواکارییەکانمان ئەوەبوو کرێی ڕیمەکان دارەتوو کەمبکرێتەوە بۆ 1 دینار , خاوەند ڕیمەکان ئەوەندە ڕقیان لێم هەڵسابوو , وای لێهاتبوو یەك ڕیم هەڵمیان ناگرت , دەیانووت چاوەڕێی ڕیمە هەرزانەکەی خۆت بکە .

ئةوةي شاياني ئاماذةية , خؤثيشاندانةكةي دارةتوو , دوا خؤثيشانداني جةماوةري خةلَك بوو لة شاري هةوليَر ئةنجامدرا , هةرضةندة بةهؤي دةرضووني كؤمةلَيَك خةلَكي ضاونةترس بؤ دةرةوةو شةهيد بووني شاثور و ... تيَسرةواندن لة خةباتي جةماوةري كةوت , ئةو ثؤلة هةموو لة كاري جةماوةريدا مامؤستاو ريَنيشاندةرمان بوون .

ڕوداوی سێیەم هێرشی ئێران بوو بۆسەر کۆیە , لە بەرواری 27-7-1996 , ڕۆژی دوای کارەساتەکە 13 ڕێکخراو لە بارەگای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کەبەڕێز عەدنان کۆچەر سکرتێری بوو کۆبوینەوە, بەیانێکی هاوبەشمان نووسی دژی , دوای نیوەڕۆ شاندێك بە نوێنەرایەتی هەمووان بە پەلەش خۆمان گەیاندە بەردەم نەتەوەیەکگرتووەکان لە عەنکاوە , کە دانیشتووانی ئۆردوگاکانی دیموکرات لەوێ کۆببونەوە , سەرباری ئەوەی چەندین جار هەڕەشەمان لێکرا , تەنانەت ئاسایش کێشەیان بۆ کاك قادر نادر نایوەوە کە لە تیڤی ئازادی کاری دەکرد , وەلێ ئەو ماوەیە بەهەق خزمەتی ئاوارەکانمان زۆر کرد , لە کۆکردنەوەی کۆمەك و سەرلێدانی بەردەوام و پشتگیری لێیان , دەنگی زوڵاڵی ناڕەزایەتی بووین لەبەرامبەر ئەو کارە دزێوە , بە تایبەت کاك بەدرەدین و فەلاح , هەر ئەمە وایکرد لە کاتێك سەردانی حدکا مان کرد " کەریم سەرکەش , سەلاح مەزن , شوان داودی , ڕزگار مام بۆرە , مامۆستا سەدرەدین , بەدرەدین حەمە ساڵەح , سەرهەد تۆفیق , نیهاد دزەیی ....." ئەوانی دیکەم لە یاد نییە زۆر لێم ببورن " , عەبدوڵڵای حەسەن زادە وتی : سوپاسی هەمووتان دەکەین بە تایبەت ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان , هەرچەندە ئێمە دوو ملیۆنمان لە ساڵی 1991 بۆ ئێوە داڵدەدا , وەلێ ئێوە نەتان توانی 2000 کەسمان بۆ بپارێزن .

ئەمانەو دەست تێکەڵکردنی ینك لەگەڵ ئێران , گواستنەوەی هێزەکانی بەناو ئێرانا بۆ پشت جەبهەکانی پدك , کارێکی مەترسیدار بوو , بەردەوام لەو ڕۆژانە لە قاومان دەدا , بەڕاستی ئەو دوو پارتە ئاگریان بە چارەنووسی خۆیان و گەلەوە دەکرد .

ڕۆژی 31-8 وەکو ڕۆژەکانی دیکە لە گومرگ خەریکی کاری خۆمان بووین , لە پڕ وتیان ئەوە دەبابە هات , بە ڕاستم نەزانی , ڕزگار مام بۆرە وتی : ئەوە لە ترسان چاویان شەش و بێش ئەکات فشەیە , مامۆستا فەرهادیش لەو زیاتر فشەی پێدەهات , لە پڕ گومرگ بەتاڵ بوو هەر بابەبوو بەلایەکدا تێی قوچان , وتیان ئەرێوەڵا گەیشتە سەیتەرەکەی کەرکوك , منیش بە پەلە بە سواری پاسکیلەکەم خۆم گەیاندەوە دارەتوو , لەمسەر دارەتووەوە سەعدی ئەحمەد پیرەم بینی بە ئۆتۆمۆبیلێکی سپییەوە ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد , لە بیری ئەوەدا بووم خۆم بگەیەنمە خەندەو دایکی , تاکو بە پاسکیلەکە خۆمان ڕزگار بکەین , وەلێ دەبابەکان دارەتوویان تێپەڕاندبوو گەیشتبوونە پشت بنەسەڵاوەوە , ماڵ ئێمەش سەدان لافیتە و نووسراوەو شتی یاساغی تێدا بوو , ئەوەندە زۆربوون

ناشاردرانەوە , باشترین چارەسەر ئەوەبوو هەرماڵەکە بەجێ بهێڵین,لەو ڕۆژە تەنها 2 کیلۆ گۆشت گۆلك و ئەوپارەیەی لە فرۆشتنی ئەو ڕۆژە پێم بوو لە هەموو سەروەتی دنیا هەمبوو , کارەبا بڕا و چەندین ڕۆژ نەمان بینییەوە , گۆشتەکەم بۆگەنی کرد , دەست بەتاڵ دەرچووم و مایەم نەما بۆ کاسبی , بۆ سەر سێیەم ڕۆژ چوومە سەر جادەی سەرەکی دارەتوو لە پڕ بەرازیلییەك سوور بە توندی لە تەنیشتم ڕایگرت , یەکسەر عەلی ئەنجومەن دابەزی وتی : پیاوی زەریف ئەوە چەند ڕۆژە لە کوێیت وا بە دواتا دەگەڕێین , لە وەڵامدا وتم : لە ترسی حکوومەت خۆم شاردۆتەوە , ئەوە ئێستا دەرچووم , وتی دەی سەرکەوە , سندووق بەرازیلییەکەی بۆم هەڵدایەوە , خۆم ڕاپسکاند , لەو کاتەیا مەلاعیسا و مستەفا شەل دوو پارتی کەرکووکی بوون گەیشتنە سەرمان وتیان : بڕۆن خۆمان دەیهێنین بۆ ڕێکخراو , کە چوومە ئەوێ وتیان تۆ بە ئەمری جەلالی ئێمەت دەرکردووە لە ئەنجومەنی , لە وەڵامدا وتم : تۆ شەوان لە ماڵ شەهید فاقە دیوەخانت گەرم دەکرد و بەشداری شەڕی پارتیت دەکرد لە پیرزین منی چی , برایەکی کاك فوئاد سدیق سابیر بە ناوی کاك سەباح لەو کاتەیا هەتە ژوورەوە , ئەندامی ڕێکخراو بوو وتی : قەبوڵ ناکەین کەس تعەدا لەسەید عەلی بکات , عەلی ئەنجومەن وتی : نەمرم مێشکت دەتەقێنم , وتم چی دەکەیت بکە لەمڕووە من جەلالیم " جاری دیکەش کاك فوئاد هات بۆ دارەتوو , هەڕەشەی لێیانکرد وتی : ئەزیەتدانی عەلی ئەزیەت دانی ئێمەیە ".

کە دەرچوومە دەرەوە لە ڕێکخراوەکە , کەمێك دوور کەوتمەوە , لە پەنا دیوارێك دەستم کردب گریان, لە ژیانم ئەوەندە زەلیلیم نەبینیبوو وەك ئەو ڕۆژە , ڕۆژی دواتر بەرپرسی ڕێکخراو جارێکی دیکە ناردییەوە بە دوامدا , بە تەوسەوە وتی : بۆ سەرمان لێ نادەیت پیاوی زەریفی دارەتوو , لە وەڵامدا وتم : پێش ئێوە کۆمیتە لە هەمان شوێن بوو , کوڕی پلکم بەرپرسی کۆمیتەکە بوو , وێنەیەکی خالۆم بە بان کۆمیتەکەوە بوو , قەت سەرم پێیدا نەکرد , بۆ لای ئێوەش قەت نایەم , وتی یانی: کو فەرقمان نییە لەگەڵ جاش جەلالیان , حیسابمان لۆ ناکەیت , وتم : نایەم و پێی پێدا ناکەم , سەیرە جاشە سیاسییەکان لە لوتکەی خیانەتکاری خۆیان هێشتا بەرامبەرەکەیان بە خائین دەزانن , هەموو کات بەهانەیان پێیە بۆ بەخائینکردنی بەرامبەر لەناو گەلێکی بێزاکیرە .

شەو کاتێکم زانی بان خانوویان لێمگرت , خۆیان کرد بە حەوشەدا , چەکدارێك فیشەکی لێم سوار کرد , تفەنگەکەی لەگەڵ مێشکم جووتکرد, یەکێك لە دورەوە بە بان دیوارەکەوە هاواری کرد ئەوە مام ڕەنجەڕۆیە نەکەیت , لەو شەوەوە تاکو دەرچووم خەوی شەوانی ماڵەوەم تەرککرد , زۆربەی شەوەکانم لەممال و لەومال بردە سەر , , ئەو ڕۆژانە ئەوەندە وەزعم خراپ بوو هاوڕێ دڵشاد خدر چەندین جار داوای لێمکرد هەولێر بەجێ بهێڵم و بچم بۆ شەقلاوە , وتی حیزب لە خزمەتتدایە , وەلێ باری گرانی مەسرەفی ماڵ و منداڵ ڕێگر بوو .

چەند ڕۆژ دوای 31ی ئاب, ڕۆژێکیان چوومە لای بایەعەکەمان تاکو بەشە خۆراکەکەم وەربگرم , وتیان بایەعی تۆ بڕدراوە , وتم بۆ لە 7000 ماڵ لە دارەتوو تەنها بایەعی من بڕدراوە , وتیان دەبێت نامەی ڕێکخراو بهێنی ئەوسا دەتدەینێ , وەلێ سەرم پێیدا نەکرد , دەیانوویست لەڕێگای ئەو بایەعییەوە کە تاکە سەرچاوەی ژیانمان بوو ناچاری چوون بۆ ڕێکخراوم بکەن .

گرتن و بەردانم ئەو چەند ڕۆژە "67"ڕۆژ" بەردەوام بوو , وەك گیسکەکەی هەیاسم لێهاتبوو, لەولاشەوە چەندین کادیری باڵای ینك خۆیان تەسلیمکرد و ئازادانە لە هەولێر دەسوڕانەوە , دەتووت ناخۆشییەکان هەموو کات بۆ ئێمە نووسراوە , هەر هەواڵێك لە ڕۆژنامەکان بڵاو دەبووەوە لەسەر پێشێلییەکان یەکسەر تاوانبارمیان دەکرد , لەو بارودۆخەدا لەگەڵ کۆمەڵێك برادەر یەکەم بەیانی ئۆپۆزسیۆنمان نووسی و بڵاو کردەوە , ئەو قارەمانانەی ئەو دەردەیان دەدا بە من ئەو شەوەی ینك گەیشتەوە هەیبەت سوڵتان , ئەوان لە دارەتوو تێیان قوچان .

ئەوەندە گرترام وبەردرام و ئیهانە کرام , وا بێزارمیکرد ڕۆژێك بە برادەرانم وت : ئەوەندەی من خزمەت پارتیمکرد بە دژایەتیکردنی ینك ,

سەعد عەبدوالڵلا ئەوەندەی نەکرد , ئێستا هەموو ڕۆژێك دەمگرن و بەرمدەدەن , ئاخر پارتییەکان لە هەولێر نایانوێرا فزە بکەن ئەوکاتەی ینك دەسەڵاتداری شار بوو , لە دوایش ینکەکان وایان بەسەر هاتەوە , زۆربەیان بە چۆکدا هاتن و تەسلیم بوون , لەهەردوو قۆناغ هەر ئێمە ناڕازیبووین , جارێك دژ بە ینك و لە بارودۆخی دیکە دژ بە پدك , سەیرە تۆ خۆپیشاندان دژ بە ینك بکەیت , لە کاتی دەسەڵاتی پارتی باجەکەی بدەیت .

تەنانەت پارتیەکان لەسەر تکە فرۆشتنەکەش وازیان لێم ناهێنا , داوایان دەکرد وێنەی بارزانی هەڵبواسم لەو پەنا دیوارانە , خۆشیان شەو بچن تێکی بدەن ئەوجا باجی گەورەترین گوناح بدەم , بۆیە بە ناچاری لە بەرواری 1996-11-5 کوردستانم بە یەکجاری بەجێهێشت , پێشتر قەت باوەڕم بە سەفەری هاندەران نەبوو , کە ملی ڕێگام گرتە بەر تەنها 200 دۆلار لە گیرفانمدا بوو , ئەویش بەڕێزان کەماڵ و سەمیرە لە سویسراوە بۆمیان نارد , لە گەڵ 1000 دینار کاك ئەحمەد حەوێز لە گومرگ بە یارمەتی دای پێم , ئەو مانگە کریێ خانووشم نەدا" لە دارەتووش کرێچی بووم , لە 7 مانگ 8 خانووم کرد , ڕۆژی وا هەبوو بەیانیان دەرەچووم لە ماڵێك بووم ئێواران دەهاتمەوە ماڵەوەم نابینییەوە " , بە ملی فلە سورا بەجێم هێشت , پارەکەی گیرفانم لەسەر سنووری تورکیا و ئێران تەواو بوو .

لە دوای خۆم ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانم بەجێهێشت کە دامەزرێنەر و سەرۆکی بووم , وەك دەوترا " قائیدەو قەواعیدەکەی لەناو عەلاگەیەك ڕەشە لە گیرفان عەلی سیاسی و بەدرەدین و فەلاح و عادیل و ڕزگارە " , وەلێ هاوکات چالاکترین و بەبەرهەمترین ڕێکخراوی کوردی بوو , لە دوای دەرچوونم کاتێکم زانی برادەرێك بووە بە سەرۆکی , پێشتر هەر ئەندامیش نەبوو تیایدا , تا من لە کوردستان بووم کەس یەك فلس یارمەتی پێ نادا , وەلێ کە ستافەکەی گۆڕا بە ئارەزووی حیزب , ئەوسا بۆی باری , بەڵام بە ڕیش نییە بە ئیشە , ئەمڕۆ ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان لە یادەکان نەبێت ناوی لە تلّپی تەڕدا نەماوە , داخەکەی گرانم لەوەدا ڕەنج بە خەسار دەرچووین .